## 5ـ پردەکەی خاسە..!

لەوەتەی وەبیرم دێت مێژووی پردەکەی خاسەم وەکو ئاو و دۆ لەبەرەو هەرچەندە سەفەری بەغدام ئەکرد و ئەگەڕامەوە لە هەر دوو سەرەوە، کاتێ بەسەر ئەو پردەدا تێئەپەڕییم لەلایەکەوە بزە ئەیگرتم و لەلایەکی ترەوە شەرع شەرمی بۆ نیە ، ختوکەم ئەهات و بەتۆ بڵێم، بەزەییم بەوانەدا ئەهاتەوە کە بەردەوام لە ژێر ئەو پردەدا بەردەوام لە ریزی پێشەوە راوەستاوون و خزمەتی خۆیان کردووە و لێتانی ناشارمەوە جارجاریش بەغیلیم بەوانە ئەبرد هەمیشەبۆخۆیان لە ریزی دواوە راوەستاوون و ئەمە وێرای هەردەم سوپاسی خوای خۆم ئەکرد کەهەتا تەمەنی ئەو کاتەم هەر بەرێبواری بەسەریدا رائەبووردم ..بەهەرحاڵ ئێستا قاو واباوە ئەڵێن کەرکوک خەریکە بکەوێتە قورگی شێرە بۆرەوە ..ئەمەش دەمێکە پیاوی خۆی هەستی پێکردووە ..بەکوردیی و بە کوورتیهەر لەیەکەم کۆبوونەوەی نێوان حزبە کوردستانییەکان و حکومەتە کاتییەکەی ئێستای بەغدا کە تیایدا جاڕی ئەوەدرا، جارێ مەسەلەی کەرکوک بخرێتە ئەولاوە هەتا خاڵە گرنگەکان و کێشەکانییتر چارە سەرئەکرێن..!ئێستا حەز ئەکەم بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەو دوو ریزەی لەژێرپردەکەی خاسەدا خزمەتیان هەیە هەر لەژێر ئەو پردەدا کۆنگرەیەک ببەسترێت و تیایدا دادگایی ئەوانە بکرێن کە دەخوازن کەرکوک بگۆڕنەوە بەو کورسییە رزیووەی ژێریان و ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکەشی بدرێتە دەست ئەو ئەندامانەی هەمیشە لە ریزی دواوە راوەستابوون ..کەوابوو ئیتر کات درەنگەو ئەبێ بە نەقیزەکەی لالۆم هەچە لەوانە بکەم لەکاتێکدا جادە پان و پۆڕە کەرکوک دروشمی بریقەداری وتارەکانیان وبنێشتە خۆشەی ژێر زمانیانە و کاتێکیش بەڕیمۆنت کۆنترۆڵ ، جادەکان تەسک و ترووسک ئەکرێنەوە ئیتر ئەوان مەعێن لەماڵەوە بانگیان ئەکەن ..